مجموعة زاد
ZAD GROUP

٣١ فائدة في تدبُّر وتلاوة القرآن

# ٣١ سوود
# لە خوێندنەوە و وردبوونەوە لە
# قورئانی پیرۆز



محمد صالح المنجد

الحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله

أما بعد:

ئەمە کۆکراوەی پوختەی سوودەکانی **خوێندنەوە و لێکدانەوەی مانایەکانی قورئانی پیرۆزە (التدبر و التلاوة القرآن)**، داواکارم لە خوای پەروەردگار ئەم نووسینە ببێتە مایەی سوودبەخشین.

خودای گەورە پاداشتی هەموو ئەو کەسانە بداتەوە کە بەشداریان کردووە و یارمەتیدەربوون لە ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیە.

بسم الله الرحمن الرحيم

**ناوی پەرتوک: ٣١ قائدة في التدبر والتلاوة القرآن**

**زمان: عەرەبی**

**نووسەر: محمد صالح المنجد**

**وەرگیراوە بو زمانی کوردی بە ناونیشانی:**

**٣١ سوود لە خوێندنەوە و وردبوونەوە لە قورئانی پیرۆز**

**وەرگێر: باوکی احمد**

**١٤٤٢ك** **٢٠٢١ ز**

١ قورئان کەلامی خودایە، وەحی یە، پەیامی خودایە بۆ بەندەکانی، ئەو پەرتووکە بەهێزەیە کە پێویستە بەتوندی دەستی پێوەبگرین.

قورئان هیدایەت و ڕێنمونی و ڕەحمەتە، ڕووناکی یە، بانگەوازە، چاو ڕۆشنیی یە، جیاکەرەوەیە، ئامۆژگاری یە، وەهەروەها پڕحیکمەتە،

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَتۡكُم مَّوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَشِفَآءٞ لِّمَا فِي ٱلصُّدُورِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ﴾[يونس: ٥٧] واتە: (ئەی خەڵکینە، بەڕاستی ئێوە ئامۆژگاریەکی گەورە و گرنگتان لە لایەن پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە کە (قورئانە) شیفا و چارەسەریشە بۆ نەخۆشی دڵ و دەروونەکان و ڕێ نیشاندەرو ڕەحمەتیشە بۆ ئیمانداران). وە دەفەرموێت: ﴿هَٰذَا بَصَٰٓئِرُ لِلنَّاسِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ﴾[الجاثية: ٢٠] واتە: (ئەم قورئان و بەرنامەیە چەندەها چاو ڕۆشنیە بۆ خەڵکی و هیدایەت و ڕێنمونی و ڕەحمەتە بۆ قەوم و کەسانێك کە باوەڕ بهێنن و پێی دڵنیاو دڵئارام ببن). وە

دەفەرموویت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَكُم بُرْهَـٰنٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكُمْ نُورًا مُّبِينًا﴾ [النساء:١٧٤] واتە: ( ئەی خەڵکینە بەڕاستی لە لایەن پەروەردگارتانەوە بەڵگەو نیشانەی ئاشکراتان بۆ هاتووە (کە محمد پێغەمبەرە ﷺ و نوورو ڕووناکیەکی ئاشکراشمان بۆ دابەزاندوون (کە قورئان)ە).

وە دەفەرموویت: ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِۦ لِيَكُونَ لِلْعَـٰلَمِينَ نَذِيرًا﴾ [الفرقان: ١] واتە: (بەرزو پیرۆزو پاک و بڵندە ئەو زاتەی کە قورئانی دابەزاندووە تا ببێتە جیاکەرەوەی ڕاست و ناڕاست، بۆ سەر بەندەی خۆی (محمد ﷺ) تا ببێتە هۆشیار کەرەوەو بێدارکەرەوەی دانیشتوانی جیهان لە هەموو سەردەمێکدا). وە دەفەرموویت: ﴿ذَٰلِكَ نَتْلُوهُ عَلَيْكَ مِنَ ٱلْـَٔايَـٰتِ وَٱلذِّكْرِ ٱلْحَكِيمِ﴾ [آل عمران: ٥٨] واتە:(ئەو هەواڵ و بەسەرهاتانەی کە بەسەرتدا دەیخوێنینەوە (ئەی محمد ﷺ لە ئایەتەکانی خوایە و لە یادو باسە پڕدانایيەکانە).

٢

قورئانی پیرۆز موعجیزەکانی کۆتایی نایەن و زانایان لە ماناکانی تێر نابن، هەرکەسێك بخوێنێتەوە و بیری لێبکاتەوە، فێرە زانستێکی زۆر دەبێت، هەرکەسێك بە و قورئانە قسە بکات ڕاست دەکات، هەرکەسێك کاری پێبکات پاداشت وەردەگرێت، هەرکەسێك حوکمی پێبکات دادپەروەردەبێت، هەرکەسێك گوێی بۆ بگرێت سوودی لێدەبینێت، هەرکەسێکی بۆی بڕوات ڕێگەی ڕاستی پێ نیشان دەدات و هەرکەسێك شوێن ئەم قورئانە بکەوێت گومڕاو و سەرلێشێواو و سەرگەردان نابێت.

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَإِمَّا يَأۡتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدٗى فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشۡقَىٰ﴾ [طه:١٢٣] واتە:(جا ئەگەر هیدایەت و ڕێنموونی من بۆ ئێوە هات، ئەوەی شوێنی بەرنامەکەم بکەوێت، نەگومڕا دەبێت، نە ناخۆشی و نارەحەتی و دێتە ڕێی).

ابن عباس (خودا لێی رازیبێت) دەفەرموێت:

(لایضل: واتە لە دونیادا سەرلێشێواو و گومڕاو نابێت.

ولایشقی: واتە لە دوارۆژ سەرگەردان نابێت).

٣

خوێندنەوەی قورئان، خۆفێرکردن و خەڵك فێکردنی، لەبەرکردنی و بەخەڵك لەبەرکردنی، وەهەروەها بیرکردنەوە و خۆ شارەزاکردن لە قورئانی پیرۆز، ئەمانە پیرۆزترین کارن کە مرۆڤ کاتەکانی پێوە بەسەر ببات و ماڵ و سەروەتی لەم ڕێگایەدا خەرج بکات. ئەم جۆرە کەسانە وەکو تاجی زێڕینن بۆ خەڵکی، گرنگن بە قەد گرنگی رووناکی رۆژ بۆ دونیا.

ئەوانەی خۆیان فێرە قورئان دەکەن و خەڵکیش فێردەکەن لە باشترینی مرۆڤەکانن، ئەوانەی کە خەریکی خوێندن و لەبەرکردن و تێرامانی ئەم قورئانەن ئەوانن کە تایبەتمەندن لای خودای پەروەردەگار (اهل الله و خاصّته). هەروەکو لە فەرموودەدا هاتووە (خَيرُكُم مَن تَعَلَّمَ القرآن وَعَلَّمه)[1]. واتە: ( باشترینتان ئەو کەسەیە کە ...ۆی و خەڵکیش فێرە قورئان دەکات).

---

(1) رواه البخاري (٥٠٢٧).

هەروەها پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی: (إن لله أهلين من الناس، قالوا: ومن هم يا رسول الله ؟ قال: أهل القرآن هم أهل الله وخاصته )[1] واتە: (کەسانێك لە خەڵکی تایبەتمەندن لای خودای پەروەردەگار، گووتیان ئەی پێغەمبەری خودا،ئەمانە کێن؟ فەرمووی ئەهلی قورئانن ئەوان تایبەتمەندن لای خودای گەورە).

٤ ئەو شانازی و سەربەرزییە بەسە بۆ ئەهلی قورئان. کە ئارامی و دڵنەوایی بەسەر خۆیان و مەجلەسەکانیاندا دەبارێت و بە رەحمەت و میهرەبانی پەروەردەگار دادەپۆشرێن و فریشتەکان لە دەوروبەریان کۆ دەبنەوە و خودای پەروەردەگاریش لە لای خۆیەوە باسی ئەم جۆرە کەسانە دەکات. جا چ سەربەرزی و سەربڵندیەك لەمە گەورەترە؟!

( ١ ) رواه ابن ماجه (٢١٥). وهو في صحيح الجامع(٢١٦٥).

هەروەك لە فەرموودەدا هاتووە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێت: ( وَمَا اجْتَمَعَ قَوْمٌ فِي بَيْتٍ مِنْ بُيوتِ اللَّهِ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ، ويتَدَارسُونَه بيْنَهُم، إلاَّ نَزَلتْ علَيهم السَّكِينَة، وغَشِيَتْهُمْ الرَّحْمَة، وَحَفَّتْهُم الملائِكَةُ ، وذَكَرهُمْ اللَّه فيمنْ عِنده )[١] . واتە: ( هیچ کۆمەڵە خەڵکێك نییە لە ماڵێك لە ماڵەکانی خوادا کۆببنەوە کتێبەکەی خوا بخوێننەوە و لێکۆڵینەوەی تێدا بکەن لە نێوان خۆیاندا ئیللا ئارامی و ئاسوودەیی دادەبەزێتە سەر سەریان و ڕەحمەتی خوا دەیانگرێتەوە و فریشتەکان دەوریان دەگرن و خوای گەورە باسیان دەکات لای ئەوانەی کە لە لای خۆیدان).

---

( ١ ) رواه مسلم (٢٦٩٩).

٥ ئەو شانازی و سەربەرزییە بەسە بۆ ئەهلی قورئان. کە خوای پەروەردەگار سەربەرزیان دەکات شکۆمەندیان دەکات.

لە فەرموودەدا هاتووە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێت: (إِنَّ اللَّهَ يَرْفَعُ بِهَذَا الكِتَابِ أَقْوَامًا، وَيَضَعُ بِهِ آخَرِينَ)[1].
واتە:(خوای گەورە بە هۆی ئەم کتێبەوە خەڵکانێک بەرز دەکاتەوەو خەڵکانێکیشی پێ نزم دەکاتەوە).

٦ (هجر) دەستبەرداربوون لە قورئانی پیرۆز چەند جۆرێکە:

**یەکەم:** بڕوانەبوون بە قورئان و بە درۆخستنەوەی. وەکو کەسانی کافر و موشریك.

---

(١) رواه مسلم (٨١٧).

**دووەم:** دوورکەوتنەوە لە خوێندنەوە و گوێگرتنی قورئان، و بەرزکردنەوەی دەنگی مرۆڤ بەسەر دەنگی قورئاندا ـ وەکو شیعر و گورانی و شتی تر.

**سێیەم:** کارنەکردن بە قورئان و پابەند نەبوون بە حوکمەکانی حەلالی و حەرامی قورئان و جێبەجێنەکردنی ئەمر و نەهیەکانی.

**چوارەم:** پشتکردن لە پێوەرەکانی قورئانی پیرۆز و قەبول نەکردنی، هەروەها نەگەرانەوە بۆی لەکاتی بوونی جیاوازیەك لە بابەتە سەرەکی و لاوەکیەکانی ئاین، بە بیرکردنەوەیەکی وا کە بە بەڵگەکانی قورئانی پیرۆز سوودی لێنابینرێت و یەکلاکەرەوەنین و لێیانەوە فێرنابن.

**پێنجەم:** پشتکردن لە بیرکردنەوە و تێگەشتن و زانینی تەفسیر وەهەروەها زانینی مەبەستەکانی کەلامی پەروەردەگار.

**شەشەم:** دەستبەرداربوون لە خۆ چارەسەرکردن بە قورئانی پیرۆز، بۆ هەموو جۆرە نەخۆشییەکی دڵ (وەسواس و حەسادەت و خۆ بەزلزانین ... هتد) و پەنا بردنە بەر کەسان و شتانێکی تری وەکو جادوو و فال و فالچیەکان و کەسانی هاوشێوەیان.

هەرچەندە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەم جۆرانەی دەستبەرداربوون لە قورئانی پیرۆز[1]. بەڵام هەموو ئەمانە دەچنە ژێر مانای ئایەتی (٣٠)ی سورەتی الفرقان کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ ٱلرَّسُولُ يَٰرَبِّ إِنَّ قَوۡمِي ٱتَّخَذُواْ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ مَهۡجُورٗا﴾ واتە: (دوای دوور کەوتنەوەی ئوممەت لە قورئان پیغەمبەر ﷺ سکاڵا دەکات و دەفەرموێت: پەروەردگارا بەڕاستی قەومەکەم وازیان لەم قورئانە هێناوە و پشت گوێیان خستووە و گرنگی پێ نادەن).

---

( ١) بڕوانە: پەرتوکی الفوائد لابن القيم (ل:٨٢)

٧ موسلمان بەدەر نابێت لە (هجر) دەستبەرداربوون لە قورئانی پیرۆز تەنها بەوە نەبێت کە: ڕۆژانە چەند لاپەڕەیەك لە قورئانی پیرۆز بخوێنێت و بیربکاتەوە لە مانا و مەبەستەکانی، کاری پێبکات، قورئانی پیرۆز لای ئەو پێوەرێك بێت بۆ جیاکردنەوەی حەلال و حەرام.
وەهەروەها پێویستە چارەسەری نەخۆشیەکانی دڵی خۆی پێبکات و بۆ خۆپاراستن و چاکبوونەوە لە نەخۆشیە جەستەییەکان پشتی پێ ببەستێت.
سەرکەوتووش ئەو کەسەیە کە خودای پەروەردەگار ڕێگای ڕاستی نیشان داوە و یارمەتی داوە و سەری خستووە.

٨

خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بازرگانیەکی پڕ قازانجە بە هیچ شێوەیەك زەرەرمەندی و پەشیمانی تێیدا نیە. بەڕێزترین و بەرزترین وباشترین بازرگانی یە. بەستراوەتەوە بە ڕەزامەندی خودای گەورە و پاداشتی بێ پایان و ڕزگاربوون لە سەرشۆڕی و لەناوچوون.

هەروەك خودای پەروەردگار فەرموویەتی ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتۡلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ يَرۡجُونَ تِجَٰرَةٗ لَّن تَبُورَ ٢٩ لِيُوَفِّيَهُمۡ أُجُورَهُمۡ وَيَزِيدَهُم مِّن فَضۡلِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ غَفُورٞ شَكُورٞ﴾ [فاطر:٢٩-٣٠]. واتە: ( بەڕاستی ئەوانەی کە پەیامی خوا، قورئان دەخوێننەوە و نوێژەکانیان بەچاکی ئەنجامداوەو لەو ڕزق و ڕۆزی و سامانە جۆراو جۆرانەی پێمان بەخشیوون، بەخشیویانە، بەنهێنی و بەئاشکرا... (بەنهێنی بۆ ئەوەی ڕیاو ڕووپامایی تێکەڵ نەبێت، بە ئاشکراش بۆ هاندانی خەڵکی) ئەوانە بەئومێدی بازرگانیەك ئەو کارە دەکەن کە هەرگیز نائومێد و زەرەرمەند نابن. بۆ ئەوەی خوای میهرەبانیش وەفا بکات بە بەخشینی پاداشت بۆیان و لەخەڵات و بەخششی زیاتریش بەهرەمەندیان بکات، بەڕاستی ئەو خوایە لێخۆشبوو و سوپاسگوزارە...).

٩ گرنگیەکی تری خوێندنەوەی قورئان: ئەوەیە کە چاکەکانی مروڤ پێی زیاد دەبن، لە کاتی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بەرانبەر هەر پیتێك چاکەیەك بۆ خوێنەرەکە دەنووسرێت. هەروەکو لە فەرموودەدا هاتووە: (مَنْ قَرَأَ حَرْفًا مِنْ كِتَابِ اللهِ فَلَهُ بِهِ حَسَنَةٌ وَالْحَسَنَةُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا لَا أَقُولُ: الم حَرْفٌ وَلَكِنْ أَلِفٌ حَرْفٌ وَلَامٌ حَرْفٌ وَمِيمٌ حَرْفٌ)[1]. واتە : هەرکەسێک پیتێک لەقورئان بخوێنێت، دە(١٠) چاکەی بۆ دەنوسرێت، وچاکەش یەک(١) بە دە(١٠)یە، من ناڵێم : (ألم)یەک پیتە! بەڵکو (ئەلیف)بەتەنها پیتێکە، و(لام) پیتێکە، و(میم) پیتێکە .

١٠ گرنگییەکی تری خوێندنەوەی قورئان: ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز شەفاعەت بۆ خوێنەرەکەی دەکات. هەروەکو لە فەرموودەدا هاتووە: (اقْرَءُوا الْقُرْآنَ فَإِنَّهُ يَأْتِي

(١) رواه الترمذي (٢٩١٠)، وفي صحيح الترغيب والترهيب (١٤١٦).

يَوْمَ الْقِيَامَةِ شَفِيعًا لأَصْحَابِهِ )[١]. واتە: قورئان بخوێننەوە، لە رۆژی قیامەت ئەم قورئانە دەبێتە شەفاعەتکار بۆ خوێنەرەکەی.

لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: (الصِّيَامُ وَالْقُرْآنُ يَشْفَعَانِ لِلْعَبْدِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَقُولُ الصِّيَامُ أَىْ رَبِّ مَنَعْتُهُ الطَّعَامَ وَالشَّهَوَاتِ بِالنَّهَارِ فَشَفِّعْنِى فِيهِ وَيَقُولُ الْقُرْآنُ مَنَعْتُهُ النَّوْمَ بِاللَّيْلِ فَشَفِّعْنِى فِيهِ قَالَ فَيُشَفَّعَانِ )[٢]. واتە: رۆژوو و قورئان شەفاعەت دەکەن لە رۆژی قیامەت. رۆژوو دەڵێت ئەی پەروەردەگار من بە رۆژ خواردن و شەهوەتەکانم لێی قەدەغەکردبوو، بمکە بە شەفیع بۆی، قورئانیش دەڵێت ئەی پەروەردگار من بە شەو خەوم لێ قەدەغەکردبوو بۆیە بمکە بەشەفیع بۆی، خودای گەورەش دەفەرموێت شەفاعەتکاربن.

( ١) رواه مسلم (٨٠٤).

( ٢) رواه أحمد(٦٥٨٩). صحيح الجامع (٣٨٨٢).

گرنگیەکی تری خوێندنەوەی قورئان: ئەوەیە ئەو کەسەی کە زۆر قورئان دەخوێنێت و بە راست و رەوانی لەسەری بەردەوامە، ئەو کەسە لەگەڵ کۆمەڵێک فریشتەی رێزدار و بەرزدا دەبێت. هەروەکو لە فەرموودەدا هاتووە: (الماهِرُ بالقرآن مع السَّفَرة الكرام البَرَرة وَالَّذِي يقرَأُ القُرْآنَ ويَتَتَعْتَعُ فِيهِ وَهُو عليهِ شَاقٌّ لَهُ أَجْران )[1].

(السَّفَرة) ئەو فریشتانەن ئەوانەی کە قورئانیان پێ دەنێردریتە خوارەوە.

(البَرَرة) واتە گوێڕایەڵن.

(ويَتَتَعْتَعُ) واتە قورسە لەسەر زاری و دووبارە دەبێتەوە ئەو کەسانە دوو پاداشتیان هەیە، پاداشتی خوێندنەوە و پاداشتی ماندوبوونیان.

---

( ١) رواه البخاری (٤٩٣٧). و مسلم (٧٩٨).

گەورەییەکی تری خوێندنەوە و لەبەرکردنی قورئان: ئەوەیە کە ئەو کەسەی قورئانی پیرۆز لەبەر دەکات بەرزدەکرێتەوە بۆ پلە بەرزەکانی بەهەشت ، هەروەکو لە فەرموودەدا هاتووە: (يُقَالُ لِصَاحِبِ الْقُرْآنِ : اقْرَأْ وَارْتَقِ وَرَتِّلْ كَمَا كُنْتَ تُرَتِّلُ فِي الدُّنْيَا فَإِنَّ مَنْزِلَكَ عِنْدَ آخِرِ آيَةٍ تَقْرَؤُهَا)[1] .

ئەو کەسانەی کە هاوڕێی و قورئانن (قورئانیان خوێندووە و لەبەریان کردووە) لە بەهەشت دا پێیان دەڵێن: بخوێنەوە و هەروەك چۆن لە دونیادا خوێندووتانە، کۆتا پلە و پایەتان ئەو شوێنە دەبێت کە کۆتا ئایەتی تێدا دەخوێننەوە.

---

(١) رواه ابوداود (١٤٦٤) وهو في صحيح الجامع (٨١٢٢)

**١٣ فێربوون و خوێندنەوەی قورئان باشترە لە سەروەت و سامانی دونیا.**

عن عقبة بن عامر رضى الله عنه قـال: خَـرَجَ رَسُـولُ اللهِ ﷺ وَنَحْنُ فى الصُّفَّةِ فَقالَ: ( أَيُّكُـمْ يُحِبُّ أَنْ يَغْـدُوَ كُلَّ يَـومٍ إلى بُطْحَانَ أَوْ إلى العَقِيقِ فَيَأْتِيَ منه بنَاقَتَيْنِ كَوْمَاوَيْنِ فى غيرِ إثْمٍ وَلَا قَطْعِ رَحِمٍ ) فَقُلْنَا: يا رَسولَ الله نُحِبُّ ذلكَ قالَ: (أَفـلا يَغْدُو أَحَدُكُمْ إلى المَسْجِدِ فَيَعْلَمُ أَوْ يَقْرَأُ آيَتَيْنِ مِـن كِتَـابِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ خَيْرٌ له مِن نَاقَتَيْنِ وَثَلَاثٌ خَـيْرٌ له مِـن ثَـلَاثٍ وَأَرْبَعٌ خَيْرٌ له مِن أَرْبَعٍ وَمِنْ أَعْدَادِهِنَّ مِنَ الإبِلِ) [١] .

عوقبە ڕەزای خوای لێبێت دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ بووین لە (الصُّفَّةِ) پێغەمبەر ﷺ دەرکەوت و فەرمووی: ( کامەتان پێتان خۆشە هەموو بەرەبەیانییەك بڕوات بۆ (بُطْحَانَ) و(العَقِيقِ) و بگەڕێتەوە و دوو وشتری گەورە و باش لەگەڵ خۆی بێنێتەوە بێ ئەوەی

---

( ١) رواه مسلم (٨٠٣).

گوناهـ باربێـت و لـە خزمـەکانی دابپڕێـت؟) ئێمـەش گووتمـان ئـەی پێغەمبـەری خـوا، ئـەم شتەمان پێخۆشـە، پێغەمبەرﷺ فەرمووی ( هەرکەسێك لە ئێوە بەیانیان بچێت بـەرەو مـزگەوت، دوو ئایـەتی قورئـان بخوێنێـت یـان فێربێت، ئەمە باشترە لـە بەدەست هێنـانی دوو وشتر، و سێیان باشترە لە سێ وشتر و چواریشیان باشترە لـە چوار ووشتر، بەم شێوەیە چەند ئایەتن ئەوەندە وشتر)

(بُطْحَانَ) و(العَقِيقِ): دوو شوێنی نزیك شاری مەدینەن.
(كَوْمَاوَيْنِ): جۆرێکی گەورەی وشترە.

١٤ ئەو کەسەی کە بڕوای بە قورئانە و دەخوێنێتەوە و کاری پێدەکات، لـە رووی رۆخسـار و لـە دڵـەوەش کەسێکی باش دەبێت. هەروەکو پێغەمبـەر ﷺ فەرموویـەتی (مَثَـلُ المُؤمِنِ الَّذی يقرَأُ القُرآنَ كمَثَلِ الأُترُجَّةِ طَعْمُها طيِّبٌ وريحُها طيِّبٌ ومَثَلُ المُؤمِنِ الَّذی لا يقرَأُ القُرآنَ كمَثَلِ التَّمرةِ طَعْمُهـا طيِّبٌ ولا ريحَ لها ومَثَـلُ الفـاجرِ الَّذی يقـرَأُ القُـرآنَ كمَثَـلِ

الرَّيحانةِ ريحُها طيِّبٌ وطَعْمُها مُرٌّ ومَثَلُ الفاجِرِ الَّذى لا يقـرَأُ القُرآنَ كمَثَلِ الحَنظلةِ طَعْمُها مُرٌّ ولا ريحَ لها)[١] .

هـەروەکو پێغەمبـەر ﷺ فەرمووویـەتی: ( نمونـەی ئـەو بڕوادارەی کە قورئان دەخوێنێتەوە وەکو (الأُتْرُجَّـةِ) وایـە (الأُتْرُجَّةِ ـ مێوەیەکـە لـە پرتـەقال دەچێـت ) هـەم تـامی خۆشە و هەم بۆنی خۆشە. وە نمونەی ئەو بڕوادارەی کە قورئان ناخوێنێتەوە وەکو (تمر- خۆرما) وایە تامی شیرینە و بۆنی ناخۆشە. وە نمونەی ئەو دووڕوویەی کـە قورئـان دەخوێنێتـەوە وەکـو (ریحـان) وایـە. تـامی تاڵـە و بـونی خۆشـە. وە نمونـەی ئـەو دووڕوویـەی کـە قورئـان ناخوێنێتەوە وەکو (الحَنظلةِ) وایە. تام و بۆنی تاڵە.

( ١) صحيح البخاري (٥٠٢٠) وصحيح مسلم (٧٩٧)

١٥ خوێندنـەوەی قورئـان و کـارکردن بـە قورئـان، لـە گـەورەترینی ئـەو نیعمەتانەیـە کـە پێویسـتە موسـلمانان پێشبرکێی لەسەر بکەن. هەروەکو لە فەرموودەدا هـاتووە (لا حَسَدَ إلّا فی اثْنَتَیْنِ: رَجُلٌ عَلَّمَهُ اللَّهُ القُرْآنَ، فَهو یَتْلُوهُ آناءَ اللَّیْلِ، وآناءَ النَّهارِ، فَسَمِعَهُ جارٌ له، فقالَ: لَیْتَنِی أُوتِیتُ مِثْلَ ما أُوتِیَ فُلانٌ، فَعَمِلْتُ مِثْلَ ما یَعْمَلُ، ورَجُلٌ آتاهُ اللَّهُ مالًا فَهو یُهْلِکُهُ فی الحَقِّ، فقالَ رَجُلٌ: لَیْتَنِی أُوتِیتُ مِثْلَ ما أُوتِیَ فُلانٌ، فَعَمِلْتُ مِثْلَ ما یَعْمَلُ)[١].

واتـە: حەسوودی و ئیرەیی دروست نیە تـەنها لـە دوو مەبەست دا نـەبێت، یـەکێکیان کەسێکە خودای گـەورە فێری قورئانی پیرۆزی کردووە، بـە درێژای شـەو و رۆژ قورئان دەخوێنێتەوە، کەسێکی دراوسێی گوێی لـێ بـووە و دەڵێت خوزگە ئەوەی بەو کەسە بەخشرایە بـە منیش بەخشرابا. منیش ئەو کارەم دەکرد ئەوەی ئـەو دەیکـات. یەکێکیتریان کەسێکە خودای گەورە ماڵ و سامانی پێـی

---

(١) صحيح البخاري (٥٠٢٦).

بەخشیوە و لە ڕێگەی حەق و چاکەدا خەرج دەکات، کەسێك دەڵێت خوزگە ئەوەی بەو کەسە بەخشرایە بە منیش بەخشرابا. منیش ئەو کارەم دەکرد ئەوەی ئەو دەیکات.

لێرەدا حەسادەت بەو مانایە دێت کە تۆش داوا بکەی وەك ئەو کەسە هەتبێت بێ ئەوەی حەزبکەی لەو کەسە کەمبکرێتەوە و یان پێی نەبەخشرێت. چونکە ئەگەر مەبەست ئەوە بێت کە لە کەسی بەرامبەر وەربگیرێتەوە ئەوەیان دروست نیە و ڕێگەی پێنەدراوە.

١٦ هەر کەسێك قورئانی پیرۆز لەبەر بکات و کاری پێبکات. پارێزراو دەبێت لە عەزابی خوا، پلە و پایەکانی لە بەهەشت بەرزدەکرێتەوە. هەروەکو لە فەرموودەدا هاتووە. (لو جعل القرآن فی إهاب، ثم ألقی فی النار ما احترق)[١] .

---

(١) صحيح امام احمد (١٧٣٦٥). وصححه الألباني في صحيحه (٣٥٦٢).

واتە ئەگەر قورئان لە ناو بەرگێك دانرابێت و بخرێتە ناو ئاگریش ناسوتێت، مەبەست لێرەدا هاندانە بۆ ئەوەی قورئانی پیرۆز لەبەر بکرێت بە واتای ئەوەی هەر دڵێك قورئان لە ناوی بێت خاوەنەکەی ناسوتێت[١] .

## ١٧ لە ئادابەکانی خوێندنەوەی قورئان:

خوێندنەوەی قورئان بە دەست نوێژەوەبێت، روو لە قیبلە بێت، لە شوێنێکی خاوێن بێت، پێش خوێندنەوە سیواك بەکاربهێنرێت، و (اعوذ بالله من الشَّيطان الرجيم) بگوترێت و بە (بسم الله الرحمن الرحيم) دەست پێبکرێت.

خوێنەر پێویستە بە هێمنی و لەسەرەخۆی بخوێنێتەوە و پیتەکان بە جوانی دەرببڕێت. بۆ ئەوەی بیر لە مانایەکانی بکاتەوە و لە مەبەستەکانی تێبگات، هەروەها رەچاوی یاسا و رێساکانی تەجوید بکات و بزانێت لە کوێ دەست پێدەکات و لە سەر کام ووشە دەوەستێت. بە

(١) بروانة: شرح السنة للبغوي (٤/٤٣٧).

دەنگێکی خۆش بخوێنێتەوە بە جۆرێك نە زۆر بەرز بێت نە شاراوە بێت.

دڵی ئامادە بێت بۆ تێگەیشتن و گوێی بۆ رابگرێت و فرمێسك لە چاوانی ببارێت.

کە گەیشت بەو ئایەتانەی کە ( تسبیح )یان تێدایە بڵێت (سبحان الله) ، کە گەیشت بەو ئایەتانەی کە باسی رەحمەتی خودا دەکەن ، داوای لێخۆشبوون و رەحمەت بکات، کە ئایەتێك باسی بەهەشتی کرد داوای بەهەشت لە خوا بکات، کە گەیشتە سەر باسی عەزاب و جەهەننەم و ئاگر، پەنا بە خودا بگرێت لە عەزابی دوارۆژ.

هەروەها هەندێك جار لەسەر موصحەف بخوێنێتەوە و هەندێك جاریش ئەو ئایەتانەی لەبەر بخوێنێتەوە. بۆ ئەوەی هەردووك پاداشت پێکەوە بەدەست بێنێت.

١٨ بیرکردنەوە و تێرامانی قورئان (التدبر): بریتییە لە زانینی مانای وشەکان، تێگەیشتن لە مەبەستی ئایەتەکان، بیرکردنەوەیە لەو بەڵگانەی کە باسکراون، لە دڵەوە سوود وەرگرتنە لە باس و ئامۆژگاریەکان، ملکەچ بوونە بۆ فەرمانەکانی قورئان.

١٩ چونیەتی بیرکردنەوە و تێرامانی قورئان: لەکاتی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز پێویستە خوێنەر لە دڵەوە بیرلە مانای ئەو وشانە بکاتەوە کە دەیخوێنێتەوە، مانای یەکەیەکەی ئایەتەکان تێبگات، فەرمانەکانی جێبەجێبکات، ئەگەر پێشتر لە جێبەجێکردنیان کەمتەرخەم بێت ئیستیغفار و تەوبە بکات، ئەگەر بەسەر ئایەتێکدا ڕۆیشت کە باسی میهرەبانی خودا بوو دڵی خۆشبێت و داوای رەحمەت لە خودا بکات، ئەگەر باسی عەزاب و ناخۆشییەکان بوو پەنا بەخودا بگرێت لە عەزابی خودا.

ئەگەر باسی تەسبیح بوو تەسبیح بکات، و ئەگەر باسی دوعاکردن بو داوا لە خودا بکات [١].

عن ابن مسعود رضى الله عنه قال: (كان الرجل منا إذا تعلم عشر آيات لم يجاوزهن حتى يعرف معانيهن والعمل بهن)[٢].

ابن مسعود رەزای خوای لێبێت دەڵێت ( کاتێك یەکێکمان دە ئایەت فێردەبووین، نەدەچووین بۆ ئایەتی تر تاکو مانای ئەم دە ئایەتانەمان دەزانی و کارمان پێدەکرد).

عن سعيد بن جُبير رضى الله عنه قال : ( من قرأ القرآن ثم لم يُفسره، كان كالأعمى أو كالأعرابى)[٣].

و سەعیدی کوڕی جوبەیر رضى الله عنه دەڵێت (هەرکەسێك قورئان بخوێنێت و تەفسیری نەکات (واتە لێی تێنەگات) وەك کوێر یان وەك کەسێکی دەشتەکی (کە نەخوێندەواربێت) وایە).

---

( ١) الاتقان في علوم القران (١/٣٦٩).

( ٢) تفسير الطبري (١/٧٤).

( ٣) تفسير الطبري (١/٨٠).

٤٠ بیرکردنەوە لە واتا و مەبەستی قورئان گەورەترین مەبەستی دابەزینی قورئانی پیرۆزە، زۆر گرنگە بەردەوام بخوێنرێتەوە، بەڵام خوێندنەوەیەکی بێ تێگەیشتن و بێ بیرکردنەوە نەبێت، بەڵکو بەجۆرێك بخوێنرێتەوە کە بگاتە ناو ناخی مرۆڤ و دڵەکان رووناك بکاتەوە.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ مُبَٰرَكٞ لِّيَدَّبَّرُوٓاْ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴾ [ص: ٢٩].

واتە: (ئەم قورئانە کتێبێکی پیرۆزە دامانبەزاندووە بۆ لای تۆ، بۆ ئەوەی ئایەتەکانی لێک بدەنەوە و بیری لێ بکەنەوە و بۆ ئەوەی خاوەن بیرو هۆشەکان پەند و ئامۆژگاری وەربگرن و تێفکرن).

وە دەفەرموێت: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلۡقُرۡءَانَ أَمۡ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقۡفَالُهَآ﴾ [محمد:٢٤]. واتە: ( ئایا ئەوە بۆچی ئەوانە وردبینی لەقورئاندا ناکەن و گوێی بۆ ناگرن؟! یان ئەوەیە دڵەکان لەئاستی ڕاستیدا قفڵ دراون؟!).

وە دەفەرموویێت: ﴿أَفَلَمْ يَدَّبَّرُواْ ٱلْقَوْلَ أَمْ جَآءَهُم مَّا لَمْ يَأْتِ ءَابَآءَهُمُ ٱلْأَوَّلِينَ ٦٨﴾ [ المؤمنون:٦٨]. واتە: (ئایا (بیّ باوەڕان) ئەم گوفتارەیان لێك نەداوەتەوە، یاخود وادەزانن ئەم بەرنامەیەی کە بۆ ئەوان ڕەوانە کراوە بۆ باوو باپیرانی دێرینیان ڕەوانە نەکراوە؟!).

وە دەفەرموویێت: ﴿إِنَّا جَعَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ [ الزخرف:٣]. واتە: ( ئێمە ئەو کتێبەمان کردووە بە قورئانێك، بەزمانی عەرەبی، بەڵکو ژیری و بیروهۆشتان بخەنە کار (تالێی تێبگەن و پەیڕەوی بکەن).

٤١ خودای پەروەردەگار باسی بیرکردنەوە لە واتا و مەبەستی قورئان دەکات .

پەروەردەگار دەفەرموویێت: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ﴾ [ محمد:٢٤] واتە: (ئایا ئەوە بۆچی ئەوانە وردبینی لەقورئاندا ناکەن و گوێی بۆ ناگرن؟! یان ئەوەیە دڵەکان لەئاستی ڕاستیدا قفڵ دراون؟!).

زانای پایەبەرز محمد علی شنقیطي (رحمە الله) دەڵێت: (هەر کەسێك بیر لە ماناو مەبەستەکانی قورئانی پیرۆز نەکاتەوە، واتە مانایەکانی تێنەگات و درك بە مەبەستەکانی نەکات و کاری پێنەکات، لە هەمان کات دا توانای تێگەیشتن و بیرکردنەوەی هەبێت ، ئەو کەسە پشتی لە قورئان کردیە و دەچێتە ژێر مانای ئەم ئایەتە پیرۆزەوە. ئەم جۆرە ئایەتانە روونده‌کەنەوە کە خوێندنەوە و بیرکردنەوە و تێگەیشتنی ئایەتەکانی قورئان و خۆ فێرکردن و کارپێکردنیان ئەرکە لەسەر موسڵمانان و پێویستە مرۆڤی موسڵمان جێبەجێی بکات)[١].

٢٢ وازهێنان لە بیرکردنەوە و تێگەیشتنی مانایەکان و زانینی مەبەستەکانی قورئان، جۆرێکە لە جۆرەکانی دەستبەرداربوون لە قورئان (الهجر). دەچێتە ژێر مانای ئەم ئایەتە پیرۆزەوە ﴿وَقَالَ ٱلرَّسُولُ يَٰرَبِّ إِنَّ قَوۡمِي ٱتَّخَذُواْ هَٰذَا

---

(١) أضواء البيان (٧/٢٥٧).

ٱلْقُـرْءَانَ مَهْجُـورًا ﴾. [ الفرقـان: ٣٠]. واتە: ( (دوای دوور کەوتنـەوەی ئوممـەت لـە قورئـان) پیغەمبـەر ﷺ سـکالا دەکات و دەفەرموێت: پەروەردگارا بەڕاستی قەومەکەم وازیان لـەم قورئانـە هێناوە و پشـت گوێیـان خستووە و گرنگی پێ نادەن).

٢٣ بیرکردنەوە و تێگەیشتنی مانایەکان و زانینی مەبەستەکانی قورئـان، جۆرێکـە لـە ئاموژگـاری کـردن بـۆ قورئـان، هەروەك لە فەرموودەدا هاتووە ((الـدين النصـيحه) قـالوا : لَمن يا رسولَ اللهِ ؟ قال : للهِ ولكتابِـه ولرسولِه ولأئمـةِ المسلمين وعامَّتِهم)[1] .

ئاموژگاری کردن بۆ قورئان بریتییە لە زۆر خۆشویستن و بەگەورەزانین و تێگەیشتنی قورئانی پیرۆز و خوێندنەوە و هەولدان بۆ فێربوونی، راوەستان لەسەر ئایەتەکانی بۆ تێگـەیشـتنی مەبەسـتەکانیان، پەنـد وەرگـرتن لـە

(١) رواه مسلم (٢٥٧/٧).

ئاموژگارییەکانی، پابەندبوون بە حوکم و فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوە لەو شتانەی نەهی لێکردووە[١] .

٢٤

خوێندنەوەی چەند ئایەتێك بە بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە ئایەتەکان، باشترە لە زۆرخوێندنەوەی قورئان بە بێ بیرکردنەوەو تێگەیشتن لە ئایەتەکان.

پیاوێك بە ابن عباس (رەزای خوای لەسەر بێت) دەڵێت: من خێرام لە خوێندنەوە، قورئانی پیرۆز لە ماوەی سێ رۆژ دەخوێنمەوە! ابن عباس پێی دەڵێت: ((من ئەگەر شەوێك بەس سورەتی بەقەرە بخوێنمەوە و بیری لێبکەمەوە و لێی تێبگەم، پێم خۆشترە لەو جۆرە خوێندنەوەیەی کە باستکرد))[٢] .

ابن قیم (رەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: ((خوێندنەوەی ئایەتێك بە تێرامان و تێگەیشتن، باشترە لە خوێندنەوەی

---

(١) بڕوانە: شەرحی امام نەوەوی لەسەر صەحیحی موسلم(٣٨/٢)، و (جامع العلوم والحکم) ی ابن رجب(٢٢١/١).

(٢) فضائل القران لابی عبید (ص ١٥٧).

هەموو قورئان بە بێ بیرکردنەوە و تێگەیشتن. وە بە سوودترە بۆ دڵ، دەبێتە هۆی هەستکردن بە شرینایی قورئانی پیرۆز و بەرزبوونەوەی ئیمانی مرۆڤ. پیشینەکانیش بەم شێوەیان خوێندووتەوە، جاری وا هەبووە تا بەیانی یەك ئایەتیان دووبارە کردۆتەوە))[١].

وە دەڵێت ((خوێندنەوەی سورەتێکی قورئان بە زانین و بیرکردنەوە و لێتێگەیشتنەوە و بە ئامادەبوونی دڵی خوێنەر، خوای گەورە ئەمەی پێخۆشترە لە خوێندنەوەی هەموو قورئانی پیرۆز بە خێرای و بێ بیرکردنەوە، هەرچەندە ئەمەش خێرێکی زۆری هەیە.

وەهەروەها راوەستانی مرۆڤ بەرامبەر خودای گەورە بۆ نوێژێکی دوو ڕکعەتی بە دڵ و گیانەوە ، بەجۆرێك دڵی خۆی بەتاڵ بکاتەوە لە هەموو شتێك، ئاگاداربێت لەو نوێژە، ئەو دوو ڕکعەتە خۆشەویسترە لە لای خوای

---

(١) مفاتیح دار السعاده (١/ ٥٣٥).

گەورە لە سەد ڕکعەتی تر کە بەم شێوەیە نەکرێت، هەرچەندە لە ڕووی ژمارەی ڕکعەتەوە خێری زیاترە))[(١)]

شیخ الاسلام ابن تیمیە (ڕەحمەتی خودای لێبێت) دەڵێت: (( خوێندنەوەیەکی کەم بەبیرکردنەوە و تێگەیشتنەوە، باشترە لە زۆرخوێندنەوەی بێ بیرکردنەوە و تێگەیشتن، ئەمەش بە بەڵگەوە لە هەواڵەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ بۆمان هاتووە))[(٢)].

بۆیە ابن مسعود (ڕەزای خوای لەسەر بێت) وتوویەتی ((قورئان بخوێنن، بەجۆرێك دڵەکانتان بجوڵێت، خەمتان ئەوە نەبێت کەی دەگەنە کۆتایی سورەتەکە))[(٣)].

---

( ١) المنار المنيف في صحيح والضعيف (ص ٢٩).

( ٢) مجموع الفتاوى (٥/٣٣٤).

( ٣) شعب الايمان للبيهقي (٣/٤٠٧)

٣٥ ابن قيم (رەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: (( هیچ شتێك نیە هێندەی خوێندنەوەی قورئان (بە تێڕامان و تێگەیشتنەوە) سوود بە دڵ بگەیەنێت، خوێندنەوەی قورئان هەموو پلە و پایە باشەكان كۆدەكاتەوە، خۆشەویستی خودا، لەخواترسان، لەخواپاڕانەوە، پشتبەستن بە خوا، رازیبوون بە قەدەر، سوپاسگوزاری، ئارامگری و هەموو ئەو سیفەتە باشانەی كە پێویستن بۆ دڵێكی زیندوو تەواو لە دڵدا دەڕوێنێت. وە دەبێتە هۆی لادانی هەموو ئەو سیفەتە خراپانەی كە دڵی مرۆڤ دەفەوتێنن.

بۆیە ئەگەر خەڵكی بزانن خوێندنەوەی قورئان (بە تێرامان و تێگەیشتنەوە) چ سوودێكی تێدایە! هێندەی خۆیان بە خوێندنەوەی قورئان خەریك دەكەن هێندە بە هیچ شتێكی تر خۆیان خەریك ناكەن[١].

(١) مفتاح دار السعادة (٥٣٥/١).

لەو هۆکارانەی یارمەتیدەرن بۆ تێگەشتن و قوڵ بیرکردنەوە لە قورئان، هەستکردن بە گەورەیی قورئان، کە کەلامی خودای گەورەیە، پەیامی خودایە.

دەگێڕنەوە لە حەسەنی کوڕی علی ( رضي الله عنهما) ووتوویەتی: ((خەڵکانێك پێش ئێوە (مەبەست هەواڵەکانی پێغەمبەرمانن) قورئانیان بینیووە وەك پەیامێکی خودای خۆیان، بە شەوان بیریان لە ماناکانی کردووتەوە و بە ڕۆژیش بەکردار جێبەجێیان کردووە))[1].

وە عبدالله بن مسعود (رضي الله عنه) دەڵێت: (( کە گوێت لێ بوو پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾، باش گوێی بۆ بگرە، بزانە یان خێرێکە و فەرمانی پێدەکات، یان شەڕێکە و نەهی لێ دەکات))[2].

( ١ ) التبيان في اداب حملة القران للنووي (ص ٥٤).

( ٢ ) تفسير ابن حاتم (٣/٧١٨).

٢٧ یەکێك لە هۆکارەکانی تێگەشتن و لێکدانەوە و بیرکردنەوە لە قورئان، لەسەرخۆی و بەهێمنی خوێندنەوەی قورئانە.

خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَقُرۡءَانٗا فَرَقۡنَٰهُ لِتَقۡرَأَهُۥ عَلَى ٱلنَّاسِ عَلَىٰ مُكۡثٖ وَنَزَّلۡنَٰهُ تَنزِيلٗا﴾ [ الإسراء:١٠٦] واتە: (ئێمە قورئانیشمان بەش بەش کردووە تا بە شێنەیی و بە ئارامی بیخوێنیتەوە بەسەر خەڵکیدا، هەر ئێمەش بەو شێوەیە دامانبەزاندووە (کە تۆ ڕایدەگەیەنیت)).

واتە: ئێمە قورئانیشمان بەش بەش کردووە تا بە شێنەیی و بە ئارامی بیخوێنیتەوە بەسەر خەڵکیدا، هەر ئێمەش بەو شێوەیە دامانبەزاندووە[١] . کەواتە بە هێمنی و لەسەرخۆیی بخوێنەوەو و هەوڵی تێگەیشتنی بۆ بدەن و لە زانستەکانی شارەزابن[٢] .

( ١) تفسیری ناسان

( ٢) تفسیر سعدی (ص ٤٦٨).

وقال حذيفة رضي الله عنه: ((صَلَّيْتُ مع النبيِّ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ ذَاتَ لَيْلَةٍ، فَافْتَتَحَ البَقَرَةَ، فَقُلتُ: يَرْكَعُ عِنْدَ المِئَةِ، ثُمَّ مَضَى، فَقُلتُ: يُصَلِّي بهَا في رَكْعَةٍ، فَمَضَى، فَقُلتُ: يَرْكَعُ بهَا، ثُمَّ افْتَتَحَ النِّسَاءَ، فَقَرَأَهَا، ثُمَّ افْتَتَحَ آلَ عِمْرَانَ، فَقَرَأَهَا، يَقْرَأُ مُتَرَسِّلًا، إذَا مَرَّ بآيَةٍ فِيهَا تَسْبِيحٌ سَبَّحَ، وإذَا مَرَّ بسُؤَالٍ سَأَلَ، وإذَا مَرَّ بتَعَوُّذٍ تَعَوَّذَ)).

حوزەیفە ڕەزای خوای لەسەر بێت دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((شەوێك نوێژم کردووە لەگەڵ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ، دەستیکرد بە خوێندنەوەی سورەتی (البقرە)، وام زانی لە ئایەتی سەد دەچێتە رکوع، بەڵام بەردەوام بوو، وام زانی کە سورەتی (البقرە)ی تەواو کرد دەچێتە رکوع، بەڵام دەستی کرد بە خوێندنەوەی سورەتی (النساء) پاشان دەستی کرد بە خوێندنەوەی سورەتی (آل عمران). ئایەت بە ئایەت دەیخوێندەوە، کە بە ئایەتێك دەگەیشت باسی تەسبیح با، (سبحان الله) ی دەکرد، کە بە ئایەتێك دەگەیشت باسی دوعای کردبا،

دوعای دەکرد و کە بە ئایەتێك دەگەیشت باسی پەناگرتن بەخودا کردبا، پەنای بە خودا دەگرت)).

پیاوێك بە ابن عباس (ڕەزای خوای لەسەر بێت) دەڵێت: من شەوانە جارێك یان دووجار هەموو قورئان دەخوێنمەوە! ابن عباس پێی دەڵێت: (( من ئەگەر بەس سورەتێك بخوێنمەوە (بیری لێبکەمەوە و لێی تێبگەم)، پێم خۆشترە لەو جۆرە خوێندنەوەیە، ئەگەرنا دەتوانم منیش وا بخوێنمەوە، بۆیە کە دەخوێنیەوە با خوێندنێك بێت گوێکانت ئاگایان لێبێت و دڵت بەخەبەربێت))[١].

٢٨ **لە گەورەترین هۆکارەکان بۆ تێگەشتن و لێکدانەوە بیرکردنەوە لە قورئان، خوێندنەوەی تەفسیری قورئانە، بە بەردەوامی، وە خوێندنەوەیە لەسەر ئەو چاپانەی کە تەفسیرێکی کورتیان لە ژێرەوە نووسیوە.**

---

(١) سنن سعيد بن منصور (١٦١- التفسير).

٢٩ یەکێکی تر لە هۆکارەکانی تێگەشتن و لێکدانەوە و بیرکردنەوە لە قورئان، کۆکردنەوەی دڵە لە کاتی خوێندنەوە. ئیمامی ابن قیم رەحمەتی خوای لەسەر بێت دەڵێت: ((ئەگەر بتەوێ سوود لە خوێندنەوەی قورئان ببینیت لە کاتی خوێندنەوە و گوێگرتنی قورئان، دڵ و بیرت کۆبکەرەوە. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِمَن كَانَ لَهُۥ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى ٱلسَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ﴾[ق:٣٧] واتە: (بەڕاستی ئا لەو بەسەرهاتانەدا یادەوەری هەیە بۆ کەسێک دڵێکی زیندووی هەبێت، یاخود گوێ بۆ قورئان ڕابگرێت، لەکاتێکدا ئامادەبێت بۆ فەرمانبەرداری و کردنی هەموو کارێکی دروست).

٣٠ هەروەها لەو هۆکارانەی یارمەتیدەرن بۆ تێگەشتن و لێکدانەوە و بیرکردنەوە لە قورئان، خوێندنی قورئانە لە کۆڕ و کوبونەوەی زانستی، زۆر دووبارەکردنەوە و خوێندنەوەی ئایەتێکە زیاتر لە جارێک.

وە ئاوێتەبوونە لەگەڵ ئایەتەکان و ووتنی (سبحان الله) یە لەکاتی گەیشتن بە ئایەتەکانی تەسبیح و داواکردنە لە کاتی گەیشتن بە ئایەتەکانی رەحمەت و پەنا بەخوداگرتنە لە کاتی گەیشتن بە ئایەتەکانی سزا و دوزەخ.

وە خوێندنەوەی قورئانە لە شەونوێژەکاندا. کە دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی دڵ و زمان و تێگەیشتنی قورئان.

٣١

لەو هۆکارانەی رێگرن بۆ تێگەشتن و لێکدانەوە و بیرکردنەوە لە قورئان، گوناهکردنە، بەتایبەت خۆ بەگەورە زانین و بەدواکەوتنی ئارەزووەکان و تێکەڵ بوون لەگەڵ داهێنراوەکان (البدعة)، غافل بوون و سەرقاڵ بوونی دڵە بە دونیا، تێنەگەیشتنی ووشە و ئایەتەکانی قورئانە، هەروەها زێدە خێرا خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزە.


مجموعة زاد
Zad Group
٣١ فائدة في تدبُّر وتلاوة القرآن
٣١ فائدة
في تدبُّر وتلاوة القرآن
محمد صالح المنجد
EBOOK
ZAD GROUP